شیعر



هێرۆ کوردە

# هەناسەتم بۆ ڕاخە
# خەریکە ئەوین ون دەبێ



مناڵێک لە ناخمدایە
هەر مناڵە و گەورە نابێ،
هێرۆیەک لە ناخمدایە
هیچ لەم هێرۆیە ناچێ
مناڵێکە وەک من وڕێنە نانوێتەوە و
وڕک لە ژیان ناگرێ
وەک من
نانێ هەنگاوی شێتانە
مناڵێکە وەک
چۆلەکە
لەسەر نۆتەی ژیان سەما دەکا و
قاقا بەمەرگ پێدەکەنێ
پێکەنینی بەگریان دێ و
بەدیار پێکەنینەوە دەگرێی..
مناڵێکم ورد و بزێو

له شعرێکا جێم بکەوە
دوو دێرم بۆ بکە جۆلانە و
هەناسەتم بۆ ڕاخە
فێرم بکە
وەک چۆلەکە
هەر ئاسمان نیشتیمانم بێ
منالێک لە ناخمدایە
ساڵ دێت و دەڕوا
ئەو قەت گەورە نابێ
هەر منالە و بۆ منالی دەدوێ
منالێکە، بەسەر تیشکدا باز دەدا و
چەمۆلە لە تاریکی دەنێ
منالێکە
لەگەڵ ئەستێرەکاندا سەما دەکا و
تریفە بە خۆیەوە دەئالێنێ
منالێک لە ناخمدایە
هاوڕێی کانییە و
پرچی ڕووبارەکان دەهۆنێتەوە
ترسی دەریاکان دەشواتەوە
لە زمانی باران تێ دەگا و
دڵی سپی بەفر دەخوێنێتەوە
بەو دەنگەت
کە هەر لە دەنگی باران دەچێت
گۆرانییەکم بۆ بڵێ و
ئەم بێدەنگییەم بشڵقێنە
لەم هەرێمەی
عەشق دۆڕا و
شەڕەکان ڕاستەقینە و

خوێنەکان ئاڵتر و
تفەنگەکان کوێرتر و
شەهیدەکان درۆ- درۆ
ئێوارەیەک
وەرە و
تەنیاییم ڕاوبنێ و
ئەو پەنجەرانەم
بۆ بخە سەر پشت
کە دەڕواننە سەوزایی ڕووحت
هەر نەهاتی - جانۆ
نەهاتنت
ئەم شەوەم
تاریکتر و سامناکتر دەکات
لە چاوەڕوانیتدا
نینۆکەکانی مەراقم گشت کرتاند
گومان هەراسانم دەکا
جانۆ
ئەڤینت جاویدانیم پێ دەبەخشێ
تاوەکو
با هەمیشە بەرەو ترۆپکی
زیندەگی بفڕم و
وەک، دەریا لە بزاوتن نەکەوم و
ڕووحم
سەوزی لێ بچۆڕێ
جانۆ
ئەڤینت
ئاگرێکە ڕژاوەتە قوڵایی ڕۆحمەوە
جانۆ

هەر نەهاتی
منیش قرچەی نیوەڕوانێ
ڕێ دەگرمە بەرو دەگەڕێم
لووتم بەو شەقامانەوە دەنوێنم
کە بۆنی تۆیان لێ دێ...
ئەو ئەستێرەیە دەخەمە دڵمەوە
جانۆ... کە کتومت
لە تۆ دەچێ
ئەڤینت گومانی خستۆتە
کاسەی سەرم و
بەرەو شێتبوون
پاڵم پێوە دەنێ. جانۆ شێتبوون
بە شەقامە تەنگەبەر و جەنجاڵەکانی
ئەم دەڤەرەیا
ڕادەکەم و
پڕ بەگەرووم بانگت دەکەم
گەرووم دەنووسێت
چاوە کز و ماندووەکانم
ئاماژە دەدەن کە تەواو
شێت بووم و شەقامەکان
تورم هەڵدەدەن.
کێوە چووی جانۆ؟
گەر ئەم مناڵەی ناخی من نەبێ
لەم سارایە
کێ گوڵێکی نایلۆنت لێ وەردەگرێت و
ماچێکی تەڕت دەداتێ؟ کێ؟
بۆ هەڵاتی؟
کێوە چووی لالۆ؟



شەقام نەما نەگەڕێم
هەسارە نەما نەیپشکنم
ئەم جەستە قورسە بەدوای خۆمدا
کێش دەکەم
بەرەو نادیار هەنگاو دەنێم
تا ونبوونت
بدۆزمەوە.
سەفەرەکانت کاڵ بکەمەوە
چ جادوویەک
لەم شەقامانە کراوە
شوێن هەنگاوێکت نەماوە
بزەیەکت
بەسەر لقی دارەکانەوە
وەک دوێنێ ناشنێتەوە...؟
ئەڤینت
وەهمێکی گەورەیە -جانۆ.
وەک
قەرەجێکی شارەزا
لە چاو تروکانێکا
تەواوی ئەم هەرێمە خوێناوییە گەڕام
لە ڕووخساری هەموو مرۆڤەکان
ورد بوومەوە
ونی جانۆ ون.
مناڵێکی ورد و تەنیا شەوەهای شەو
بەدرێژی ڕۆژەکان بۆت گەڕام
قژی خەیاڵەکانم
چەرمی بوون و
لۆچ کەوتە ناوچەوانی تەمەنەوە

کێوە چووی
سەرداری عەشقە وەهمییەکان
کێوە چووی
پێشەنگی
موسافیرە سەرەڕۆکان
بۆ بەناو باران و تۆفان
دەنێی هەنگاوی شێتانە
گەر ئەم ئەستێرەیە هەڵتنەگرێت و
ئەڤینت
نەگرێتە باوەش
ڕۆحی خۆمت بۆ ڕادەخەم
ئەی
درێژکراوەی ئازارە
درێژەکانی ڕۆحم

سەرم پڕ بووە لە ژاوە ژاو
ڕۆحیشم پڕ مەراق
ئەم دەڤەرە بۆنی مەرگی ئەڤینی لێ دێ
ئەم شارە
بۆنی ونبوونی ئەڤینی لێ دێ
وەرە دووم جانۆ
ئیتر
نەتۆ
دوای خەیاڵە سەوزەکانم دەکەوی
نە من دوای
ونبوونت
نەتۆ
بڕوات بە ئەڤین ماوە
نە من بەو نەخشە سەرابیەی بەردەستت
بەختم بەستراوە
بە سەفەرە وەهمیەکانتەوە

ئەم سەفەرانەت
ئەڤین بەرەو کوێ دەبەن؟ جانۆ
ئەم خەیاڵانەم
جارێ چ چارەنووسێک دەدەن؟
لەو دیوی وەرزەکانەوە
ئەڤینمان
بێزاری نمایش دەکات
ئەم ڕێگا تەسکانە
بەرەو کوێمان دەبەن
خەریکە ئەڤین ون دەبێ
پەنجەرەی ئەم گومانە داخە و
دەرگایەک
بەڕووی ئەڤینمان بکەرەوە
مەودای نێوان من و تۆ
سەفەرەکانتە
مەودای نێوان تۆ و من
خەیاڵەکانمە
مناڵێک لە ناخم دایە
بەدیار جەستەی شەکەتی ئەم ئەڤینەوە
دەگرێ.
مناڵێکە سنووری سەفەرەکانت
کاڵ دەکاتەوە و
نەخشەی نیشتمانێکی سوور سوورت
لە گیرفان دەنێ.
مناڵێکە لە سەفەر تۆقیوە و
دۆستایەتی سنوور ناکات
ئەمە چ چارەنووسێکە
ژیان پیربوو تۆ نەهاتی
وەرزەکان کاڵبوونەوە
تۆ نەهاتی



مردن فرسەخێک لێم دوورە
جانۆ- تۆ هەر نەهاتی و نەهاتی
چ چاوەڕوانییەکی جاویدانە.
حەزێکی شێتانە
تۆ ناوت ناوە سەفەر
وەهمێکی گەورە
من ناوم ناوە عەشق و
شەوارەی بۆ دەگرم و
بەدوای ونبوونی دەگەڕێم
چ جادوویەکە من

لەناو تەمومژی ئەم ئەڤینەدا
بەزیندوویی دەهێڵێتەوە.؟
ژیان بیابانێکی بەرینە
ئەڤین خەریکە دەخنکێ
ژیان تەمێکی سارد و چڕە
خەریکە ئەڤین ون دەبێ
چ جادوویەکە
ئەم ژیانە بەرۆکم بەرنادات
مەرگ - دەمێکە ماتڵمە
کوا ئەمە خەونی من بوو
تابووت بۆ ئەڤینمان سازکەم؟

جەستەم بۆنی مەراقێکی قووڵی لێ دێ
خەونەکانم
بۆ دارستانی سووتاو.
مناڵیم نابەڵەد بەخۆم
هەنگاوەکانم
نابەڵەدتر بە نیشتمان
ئەڤینمان چ خەونێکی ڕەنگین بوو
ئەڤینمان چ مۆتەکەیەکە.
با ژیان ڕووت بکەینەوە

تا ڕەنگەکانی ببینین.
بڕیاری چ بێدەنگییەکی
قورست داوە، جانۆ
مەرگ بە بەردەمت دێت و دەڕوا
من تەزوویەکی سارد
جەستەم دەکاتە شەختە و
تۆش بێباک، بێباک
لێی دەڕوانی.
چ – موسافیرێکی وێڵ و شێت
لە دەست ژیان هەڵدێی
ژیان توندتر
بەسنگیەوە دەتنووسێنێ.
مناڵێکم
تەنیا و
بێکەس و
بێ نەخشە
گەر تۆ نەبی
کەس هەناسەییم بۆ ڕاناخات
مناڵێکم ناحاڵی لە مانای ئەڤین و ژیان
مناڵێک
دوژمنی پێکەنین و
دۆستی هەرە نزیکی گریان
رووحتم بۆ ڕاخە
خەریکە ڕۆحم دەردەچێ
هەناسەتم بۆ ڕاخە
خەریکە ئەڤین
ون دەبێ



تەمموزی ٢٠٠٨